# ئایا سامان سەعید وازی لە چی هێناوە ؟

*سەردار عەبدوڵا حەمە*

لەم رۆژانەدا سامان سەعید شتێکی نووسی بوو لە سایتی دەنگەکان بە ناوی (هاوڕێ یانی حەمید تەقوایی باشترە لە کەوڵی خۆتان بێنە دەرەوە ) لەوەلامی بانگەوازەکەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ڕوو بە کادران و ئەندامانی حککع کەسەبا رەت بەرەو ڕاست وەرچەرخانی ڕابەرایەتی ئەم حیزبەبوو.

ئەم هاورێیە لەو نوسراوەدا هەوڵ دەدا نزیکایەتی خۆی لە حککع وە نیشان بدات خۆی ووتەنی (ساڵ و نیوێکە وازی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری هێناوە ) هەر وەك حککع وا ساڵ و نیوێکە خەریکە هەر ئەوە کارە دەکات (بەڵام وەك سامان ڕای نەگەیاندووە ) بۆیە دەبێ سامانیش خۆی لە گەڵ حککع هاوڕا نیشان بدا سەبارەت بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و حەمیدی تەقوایی.

ئەو پێی وایە ئێمە لە خەوو خەیاڵاتا ئەژین ئامۆژگاریمان دەکا وەك لە یەکێتی و پارتی کە ساڵانێکی زۆرە ئەو ئامۆژگاریانەمان بیستووە وە بە خودی سامان و بەهاورێانی حککع یش دەڵێینەوە کە ئەم قسانەی ئێوە دەیکەن خەوو خەیاڵە توانا ی عەمەلی بوونیان نیە بۆیە ئەمانە فۆرموڵبەندی داهێنراوی سامان سەعید نین خاوەنی تریشیان هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆیە ئەمە زۆر وەڵام وەر ناگرێ پێشتر زۆر ووتراوە لە سەر ئەم بابەتە.

ئەو لە تاقی کردنەوەیەکدا بۆ ئێمەی داناوە لە ماوەی ساڵێکی بوونی ئێمەدا دەرنەچووین تیایدا چونکە هیچمان نەکردووە بە ووتەی ئەو وە نەمانتوانیوە ئەو بەڵێنە بەرینە سەر کە خۆمان بە میراتگری کۆمۆنیزمی کرێکاری زانیوە وە پێمان دەلێ لەوانەیە بڵێن حیزبەکەمان ساوایە....هتد

دەبێ پێناسەی حیزب لای ئەم هاوڕێ یە چی بێت ؟ تۆ بڵێی لای ئەو حیزب ئەوە بێ هەر کاتێ بانگەوازی پێکهاتنی کرد دەمو دەست کاری گەورە بکا یا یەکسەر دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ.

کە ئەگەر هاورێ سامان و رێبوار ئەحمەد و ئەوانەی وا بیر ئەکەنەوە دەڵێن بەئێمە , ئێوە هیچ نین و هیچتان نەکردووە. حیزب وەك هەر دیاردەیەکی تر دەکرێ گەشەی پێ بدرێ باچاوێکی تر بخشێننەوە بە مێژووی یەك ساڵی ئێمەدا دەبێ ئەوە ببینن کاتێ ئێمە بانگەوازی حیزبمان کرد بە پەنجەی دەست ئەژمێردراین باوەڕ ناکەم ئێستا بتوانن ئەم کارەبکەن ئێستا حیزبێکین لەگۆرەپانی سیاسی ناوەوە و دەرەوە ی عێراقداین ئێستا رێکخراوەکانی بەغدا و ناسریەو سلیمانی و قلعەسکرمان هەیەوئێستا بە هەوڵ و خەباتی هاوڕێکانمان لە ناسریە لە 116 کرێکاری خزمەت گوزاری یەکانی تەندروستی شورا پێك هاتووە و هاورێیانی ئێمە لە سلێمانی لە بەشی پێشەوەی خەڵکدان بۆ داکۆکی کردن لە داخوازی یەکانی خەڵك و هاورییانی ئێمە بوون یەکەمین پۆستەری 1 ئایاریان لە زۆربەی کارگاو شوێنە جیاجیاکانی بەغدادا هەڵواسی و هاورێیانی ئێمە لایەنیکی هەڵسوراو بوون لە گەڵ هوما ئەرجومەند بۆ وەستانەوە لە دژی ئیسلامی سیاسی کەنەداو رەتکردنەوەی یاسای شەریعە کە بە یەکێ لە دستکەوتە مەزنەکانی بەشەریەتی ئەم سەردەمە حساب دەکرێ و جگە لەمانەش ڕابەران و کادرانی ئێمە چەندین گفتو گۆی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و کۆر و سیمیناریان ئەنجام داوەو هەروەها هەر بە هەوڵی هاورییانی ئێمە ئێستا ڕێکخراوی یەکگرتووی رزگاری ژنانی عێراق هەیە وچالاکی دەنوێنێ ...هتد .دیارە منیش دەڵێم ئەمانە کەمن دەبوو باشتر کار بکەین وئەوەش ڕاستیە کە ئێمە هێشتا کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی حیزبمان ئەنجام نەداوە کە ئۆرگانەکان دا نەنراون و تەقسیم کارەکان نەکراون وەلە ماوەیەکی کەمدا ئەو کارەش دەکەین کە تەوژم و تینێکی تر دەدات بە حیزبمان بۆ ئەنجامدانی کاری گەورە تر لە سەر ئاستێکی بەرینتری کۆمەڵایەتی.

سامان گیان هەر تۆ یەکەم کەس نەبووی کە گاڵتەت کردبێ بەو شیعارەی ئێمە (سۆشیالیزم هەر ئێستا ) کەی ئێمە ئەوە سۆشیالیزمی بۆرژوازی دەمێکە مەسخەرەش دەکا پێی لە ژێر ناوی لە بار نەبوونی هەلومەرج و بێهێزی خۆیان سۆشیالیزمەکەی مارکس یان فرۆشتووە بە بۆرژوازی و دیموکراتی و دیکتاتۆری بۆرژوازییان بە دیاری هێناوە و ووتویانە ئێستا کاتی ئەمەیە ، هەروەك چۆن ئێستاش هاوڕیانی حککع دەیانەوێ درێژە بەو رەوتە سۆشیالیزمەبۆرژوایە بدەن وەك تۆ گاڵتەیان دێت بەو شیعارە وبە ئێمە کە جارێکی تر هەڵمان گرتوەتەوە .

ئێوە لە بیرتان چووە مارکس 150 ساڵ پێش ئێستا چەندین جار رای گەیاندووە تەنها ئەلتەرناتیڤ سۆشیالیزمە نەك هەر کاتی نییە بەڵکو درەنگیشە وە مەنسوری حیکمتیش 6 ساڵ پێش ئێستا ووتی ئەوانەی ئەڵێن ئێستا کاتی سۆسیالیزم نیە بە کردەوە رێگری دەکەن لە بەردەم بەدی هاتنیدا کەچی هاورێیانی بە ناو حیکمەتیستیش وەك تۆ گاڵتەیان دێ بەم شیعارە.

دیارەهەڵگرتنی ئەم شیعارە تەنها بەس نیە بۆ رادیکاڵ بوونی حیزبێك بۆ بەدیهێنانی ئەو شییعارە حیزبی دەوێ هەڵخراندنی هێزی کۆمەڵایەتی خۆی دەوێ , توانای ماددی و میدیای دەوێ کە ئێمە دەمانەوێ ئەم کارانە بکەین . ئەی تۆ و ئەوانەی دەڵێن سۆشیالیزم نا هەر ئێستا نا ئەی بۆ کەی؟ ئەی چی بۆ ئیستا باشە ؟ کام ئالتەرناتیڤ باشە بۆ هەل مەرجی ئیستا؟ ئەگەرئەڵێن حوکومەتێکی سکۆلارە ئەو حکومەتە سکۆلارەی ئێوە دەبێ چی بێ دیموکراتی پەرلەمانی بێ یا سۆشیالیستی بێ؟ دیارە ئەو حوکومەتە سکۆلارە لای ئێوە نابێ سۆشیالیستی بێت چونکە دەڵێن کاتی نیە ئێستا و گاڵتەتان پێی دێ .

لە بەشێکی تری نوسینەکەی ساماندا ئەوە هاتووە گوایا فڕاندنی دوو هاورێی حیزبی ئێمە لە لایەن گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامییەوە لە بەغدا تاوانی ئێمەی تێدا بووە چونکە ئەمنیەتیان بۆ دابین نەکراوە ئیتر ئەم هاورێیە ئەوە نابینێ کەئەوە سەرەنجامی سیناریۆی رەشە لە ئەنجامی داگیر کاری ئەمەریکاوە دروست بووە کە تەنها لە ماوەی ساڵێکدا 6000 کەس لە عێراقدا بوونەتە قوربانی کە بەشێکیان گەورەلێپرسراوو ئەفسەری بە ئەمنیەت و چەکداریش بوون . کە دیارە دووهاورێ ی ئێمەش کە فڕێندراون بەشێکی ئەو قوربانیەن.بێگومان ئەم هاوڕیانەی ئێمەیش جێی مەترسی بوون بۆ باڵەکانی سیناریۆی رەش وە بە تایبەتی بۆ تیرۆریستانی ئیسلامی وە کاریگەریان هەبووە لە سەریان بۆیە ئەوەیان بە سەردا هێناون هەر ئەمەش نیشانی ئەدائێمە لە گۆڕەپانی سیاسیداین و کاریگەری خۆمان هەیە بووینەتە مایەی ترسی کۆنەپەرستان . دەبوو سامان ئەو کارە وەحشیانەی ئەو گرووپە ئیسلامییەی مەحکوم کردایە نەك هەر رەخنە لە حیزبی ئێمە بگرێ دیارە من ئەوەم پێ دروستە دەبێ لە خەبات کردندا کەمترین قوربانی بدرێ بە ئەمنیتیکی قایمترەوە هەڵسورا نمان هەبێت لە عێراقدا .

لە کۆتایدا دەڵێم من تەوەقعێکی وەهام لە سامان سەعید نییە بۆیە ئەو پێشنیارەی خۆی بە باش ئەزانم کە چیتر سەمیر نوری یا هیچ هاوڕی یەکی ئێمە ئیمێڵی بۆ نەکات چونکە ئەو بە بڕوای من ساڵ و نیوێکە تەنها وازی لە کۆمونیزمی کرێکاری نەهێناوە بەڵکو وازی لە سیاسەت کردنی جیددی هێناوە ئێمە ئیتر زۆری لێ دەکەین و وازی لێناهێنین بەڵام هیوای ئەوە دەخوازم ئەویش وەك ئێمە لە مەیداندا بێ تەماشاچی نەبێ .

6 کانوونی دووەم 2006